دریژەی دۆزی کورد لە کلاوڕۆژنەی ڕۆژاڤای کوردستانەوە

**02-02-2026**

سەباحی غالیب

لە ١٩١٨ەوە تا ١٩٤٦ کە سووریا کرایە دەوڵەت و بوو بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو وڵاتە داگیرکراوی فەرەنسا بوو. دوای دەرچوونی فەرەنسییەکان، دەوڵەتێکی عەرەبی ناسیۆنالیستی سەربەخۆ لە سووریا ڕاگەیاندرا، کوردەکانی حەلەب و دیمەشق چالاکانە پشتیوانییان لە دەسەڵاتی تازەی فەرمانڕەوایی عەرەبی کرد، بەڵام کوردەکانی ناوچە دابەشکراوەکانی ڕۆژاڤای کوردستان لە جزیرە، عەفرین و کۆبانی، حەسەکە و قامیشلو بە تاوی بانگەشەی بەدرخانییەکان بەرامبەر بە نەتەوەییە عەرەبییەکانی دیمەشق ڕاوەستانەوە، لە ئەنجامدا حکومەتی دیمەشق توانی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز لە سنووری جوگرافیای ئێستایدا بچەسپێنێ. بە دوای ئەوەدا، کوردەکان تووشی هێرشی نکوڵیکردن و سیاسەتی توانەوە بوونەوە. دواتر لە ١٩٦٣وە، حکومەت و دەسەڵات کەوتە دەست حیزب و ڕێکخستە شۆڤێنییەکانی عەرەبی، حیزبی بەعسی حۆرانی و عەفلەقی بوو بە بەرپرسیاری بێ ڕکابەری هەموو مێژووی کۆماری عەرەبی سووریا تا لە 8ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤، کە ئەو ڕژێمە ڕووخێنرا، لەو نێوانەدا، فەرمانڕەوایانی سووریا بەو پەڕی توانایانەوە، دروشمی وەحدە، حوریيە، ئیشتراکییەیان کردە ڕێبازی حکومەت بەڕێوەبردن. بە ناوی دەوڵەتی سووریای عەرەبی و پیادەکردنی دروشمی حیزبی بەعس، بوونی کورد لە سووریا کەوتە بەر شاڵاوی پاکتاوی ڕەگەزیی، ڕۆژاڤای کوردستانیش لە خاکی کورد بێبەری کرا، دوا بە دوای ئەوە پشتێنی عەرەبییان لە دەوری ئەو بەشەی کوردستان ئاڵاند و بێئەخلاقی سیاسی ئەوان گەیشتە سنوورێك کە لە ١٩٦٣دا، لیوایەکی سوپای سووریا بە فەرماندەیی فەهد ئەلشاعیر بۆ پشتیوانی سوپای عێراق لە دژی شۆڕشی کورد لە باشوور هاتن بە هانای بەعسییەکانی کودەتای شوباتی ١٩٦٣ەوە. لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان زەبرێکی کوشندەی وای لێدان، بەسەرشۆڕی هەڵاتنەوە بۆ سووریا.

لە بەهاری ١٩٩١دا، ئەگەرچی کۆڕەوەکە کارەساتێکی مرۆیی یەکجار گەورەی بەسەر کورد دا هێنا، بە دیوێکی دیکەدا، بە پشتیوانی نێودەوڵەتی ناوچەیەکی ئارام بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ باشووری کوردستان دامەزرا. لە دواییدا بە هیممەتی بەرەی کوردستانی دامەزرانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستانی لێکەوتەوە. ئەوە قۆناغێکی گەورە بوو کە بەشێکی باشوور بە ڕەسمی بکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایەتی کوردەوە. لە ڕۆژاوای کورستانیش ٢٠١١ تا ئێستا لەگەڵ ئەوەی کە گەلێك کەلێنی سیاسی و چەکداری لە خەباتی ئەو بەشەدا دەبینرێن، بەڵام ئازادکردنی بەشێك لە خەڵك و خاك لە حکومەتی ڕەگەزپەرستی عەرەبی سووریا، بووە مایەی بوژانەوەیەکی فراوان لە هەستی کوردبوون و پەیدابوونی گیانی خۆبوون و هەژانی ناخی دەروونی لە ڕۆژاوای کوردستان وروژاند. هاوکات، هەماهەنگی و هاوکاری باشوور و ڕۆژاوا بە تایبەتی، بووە خاڵێکی بەرجەستەی کاریگەر لە ناساندنی زیاتری دۆزی کورد چ لە تەواوی کوردستان و چ لەسەر ئاستی جیهان.

ڕۆژاوا بووە زەریایەك بۆ هاندان و بە گەورە ڕاگرتنی دۆزی کورد، لەو بوارەدا، لایەنی پرشنگدار دەبینرێن، لەوانە: کارکردنی فرەلایەنەی بەرپرسیاران و کاربەدەستانی کورد لەسەر ئاستی باڵا، بە تایبەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆڵێکی سەرەکی لە پشتیوانی پەیداکردنی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ ڕۆژاوا بینی، لەو لایەنانەوە هەوڵی ئەو جێگای سەرنج و نرخاندنە. هاوکات، نێچیروان بارزانی، سەرۆکی هەرێم، بەردەوام لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکاندا بووە بۆ ئەوەی ڕۆژاوا تا بکرێ بە کەمترین قوربانی لەو کارەساتە دەربچن و بەرهەمێکی سەربەرزانەی تێکۆشانیشیان بێتە دی. بەهەمان شێوە، مەزلوم عەبدی، سەرۆکی هەسەدە لە ڕۆژاوا، توانی دەورێکی بەرچاوی سەرکردیەکی مەیدانی و سیاسی بەڕێوەبەرێ. ئەوانە هەموو پێکەوە لە خەمی پاراستنی کوردی ئەو پارچەی کوردستان دا بوون، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی کاریگەری پێشکەوتنی بیری سیاسەتی کورد و چوونە پێشەوەیە لە کایەی دۆزی کورد دا، دیارە ڕۆژاوا بەردەوام هەرێمی کوردستان و بەرپرسیارانی بە پشتیوان و یاریدەری ڕاستەقینەی خۆیان زانیوە، هەرێمیش بە نهێنی و بە ئاشکرا

لەسەر ئاستی ناوچەیی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەوەندەی لە تواناادا هەیە بە گیانی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بۆیانی ئەنجام داوە. لایەن و حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بە توانایی خۆیان لەو مەیدانەدا بە بەرپرسیارییەتی بەرزەوە هاتنە پێشەوە، دەبێ هەموو لایەك ئەوە بزانن کە دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان پێویستی بە تێگەیشتن و هەوڵی هەموو لایەکە، بەشی گشت لایەکی پێوەیە.

تێکۆشان و خۆراگری ڕۆژاڤا، مژدەی تێگەیشتنێکی عەقلانی بە سیاسەتمەدارانی کورد گەیاند، هەموو بۆچوونەکانی بەو ئاراستەیەدا برد کە هێزی یەکگرتوویی کورد و هێزی چەکیش بە بەرزی ڕابگرن. لەگەڵ ئەوەشدا کە شەڕەوانانی ڕۆژاڤا قوربانییەکی زۆریان دا، بەڵام تا ئەندازەیەك بووە بنبەستێکی گەورە بۆ تێکشکانی ئیرادەی شەڕەنگێز و ڕەگەزپەرستی سووریا و تورکیا و داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەر سیاسەتێك پەیڕەو بکرێ، پێویستە هێزی چەکداری لەبەرچاو بگیرێ.

پێویستە ئەم کاتە و ئەم کوڕدنی هەست و سۆزەی هاویەکییەی کورد کە لە کوردستان و لە دەرەوە سەریان هەڵداوە، کە لە مێژووی تازەی کورددا بێوێنەیە، بکرێتە ڕێکخراوەیی و بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی گشتگیر، لێرەدا بیرکردنەوەیەکی قووڵ و تێڕامانێکی فرە لایەنە و هەڵوێستەیەکی سیاسی بنەڕەتی هەڵدەگرێ، خۆشبەختانە، زۆرینەی ڕۆشنبیران بە جیاوازی ڕێبازی سیاسییانەوە، مەردانە بە نووسین و هاوبەشی لە چالاکی سیاسی و خۆپیشاندان لە مەیدانەکاندا بوون، نووسینی هەموویان لە قازانج و بەرژەوەندی کوردەوە هەڵقوڵا بوون. دیارە هەر ئەوە بەس نییە، بەڵکوو پێویستە دەستەبژێری کورد و خەڵکانی دڵسۆز بەرپرسیارێتی گەورەتر لە ئەستۆ بگرن، بەوەی کە پێکەوە سەر بکەن بەناو یەکدا و بە بیرێکی کوردستانیانە و سیاسیی یەکگرتووانەوە، کۆببنەوە و نەخشەڕێگایەکی ستراتیجی سەرتاسەری کە هەموو لایەنەکانی دۆزی کورد لە ئامێز بگرێ، بکێشن، بۆ ئەوەی دۆزی کورد بە شێوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی بخرێتە چوارچێوەیەکەوە، تا ئێمەش وەك نەتەوەکانی دیکە ببینە خاوەنی دۆزی خۆمان و بەرەو هێنانەدی ئاواتی دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان هەنگاو بنێین. ئەوە لە

لایەك، لە لایەکی دیکەوە، حیزبەکانی کوردستان لە هەموو پارچەکاندا، ئەگەر بە مێژووی خەبات و کاری سیاسی خۆیاندا بچنەوە، بە ئاسانی بۆیان دەردەکەوێ کە بەرنامە و دروشم و عەقڵیەتی ڕابووردوویان لەگەڵ ئەم قۆناغەدا یەکنایەنەوە و پێویستییان بە چاکسازی ڕیشەیی بەرنامە و کاری حیزبایەتی خۆیان هەیە، ئەگەر کارێکی وا ئەنجام نەدەن ئەوا بە دڵنیاییەوە کورد زیاتر پێبەندی دواکەوتن و چوونە دەرەوەی مێژووی خۆمان و مێژووی مرۆڤایەتی دەبینەوە.

هەر لە ئەنجامی بزووتنەوەکەی ڕۆژاڤاوە، لە هەموو کاتێك زیاتر و کاریگەرتر، میدیای کوردی بە تایبەت تەلەفزۆنەکانی کوردستان بە تەواوەتی خۆیان بۆ پشتیوانی خوشك و براکانمان لە ڕۆژاڤا تەرخان کرد، بە زمانی کوردی بۆ ناوە و بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بۆ دەرەوەی کوردستان کاری شارەزایانە و جوامێرانەی کوردانەیان بەجێهێنا، هەموویان بە گشتی و تۆڕی میدیای ڕووداو، ئاڤا یەکجار لەبەرچاو بوون، لەو ڕوانگەیەوە، بەو پەڕی تکاوە داوا لە چالاکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەکرێ کە لە سەر ڕێبازی یەکڕیزی و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی کار بکەن و واز لە تیر و توانج و قسەی ڕەق بەرامبەر یەکدی بێنن و ببنە ئامرازێکی خزمەتگوزاری لە پێناوی گرنگی و ناسکی ئەم قۆناغە و دواڕۆژدا، یەکڕیزی کورد پێویستی بە کار لەسەر کردن و بەردەوامی هەموو لایەکمانە.

خەباتی هەموو بەشەکان بە تایبەت تاقیکردنەوەکانی باشوور و ڕۆژاڤا بوونە وانەیەکی گەورەی مێژوویی کە ئەوەی فێرکردین کە هیچ لە ڕژێمە داگیرکەرەکانی عەرەب، تورك و فارس باوەڕیان بە برایەتی موسڵمانانی کورد نییە، تەنیا و تەنیا ئەو جۆرە برایەتییە بۆ چەوساندنەوە و قەبوڵنەکردنی کوردبوونە بەلای ئەوانەوە. مێژووی کورد پڕە لە نیشاندانی حەقیقەت کە موسڵمانانی عەرەب، تورك و فارس هەرگیز لەگەڵ کورد ڕاستگۆ نەبوون، بۆیە کورد بە هەموو ئایین و مەزهەبێك، ڕێبازی دیکەی بیرکردنەوەی ئایینی و دنیایی، پێویستە پێکەوە لەسەر دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی کۆك و تەبا و یەکڕیز بن، هەر کاتێك کە هەڵبکەوێ لە بێ توانایی و لاوازی ئەواندا، بە توندی دەستیان لێبوەشێنن نەك یارمەتی بدرێن، دەشبێ مەلا و زانایانی موسڵمان و خەڵکی هەر ئایینێك لەناو کوردستاندا هەوڵبدەن کە ئەوە لە مەلا و زانایانی نەتەوە سەردەستەکان و خەڵکەکانیان تێبگەیەنن کە

بـوونی ئـەوان بـە نیـازی داگیرکـەر لەسـەر خـاکی کوردسـتان، نـە دینیـان قەبوڵـە، نـە خوداپەرسـتییان وەردەگیـرێ و نـە تـەڵاق و موعامـەلاتیان حەڵاڵـە. دەبـێ ئـەویان پێبسـەلمێنرێ کـە کـورد و کوردسـتان دوو نیشـانەی ئیـرادە و گـەورەیی خـودان لەسـەر زەوی، نکـوڵیکردن لەوانـە، دەبێتـە بێئیمـانی و گـومرایی، هـەر لـەو گۆشـەنیگایەوە پشـتیوانی کـورد و کوردسـتان بـۆ هـەموو موسـڵمانانی جیهـان فەرزیـەتێکی ئـایینی و ئەخلاقی پێویستە.

خۆشـبەختانە، موسـڵمانانی کـورد بـە گشـتی و مـەلا و ڕێبـەرانی موسـڵمانانی ئێمـە بـە تایبـەتی، ئێسـتا چـاکتر لـە هاوپیشـەکانی پێشـووی کـورد و زۆر چـاکتر لـە ئاینەکـەمان تێگەیشـتوون. لـە هـەمان کاتـدا، بەباشـی لـە نییـەت و تەفسـیری هەڵـەی بـەناو مـەلای موسـڵمانانی نەتـەوە سەردەسـتە داگیرکـەرەکان تێگەیشـتوون، کـە هـەرگیز دروسـت نییـە و کـاری نەکردیـە کـە ئیسـلام بـۆ برایـەتی سـاختەی نەتـەوە داگیرکـەرەکانی کوردسـتان بـەکاربێ، نارەوایـە کـە بـە نـاوی ئیسـلامەوە ئێمـەی موسـڵمانی کـورد داگیـر و پەرتپەرت بکرێین و ئەوان فەرمانڕەوایەتیمان بکەن.

مێـژووی کـۆن و مێـژووی سـەردەم ئـەوەی سـەلماندووە کـە یـەکێك لـە گـەورەترین کۆسـپ و ناحـەز لەبـەردەم دۆزی نەتـەوەیی و نیشـتمانی ئێمـەدا ئەوەیـە کـە کـورد داگیرکـراوی فەرمانڕەوایـەتی ئـەو وڵاتانەیـە کـە بـە ناهـەق و بـۆ فریـودان نـاوی دەوڵـەتی ئیسـلامییان لـە خۆیـان نـاوە، ڕزگـاری ئێمـە لـەو بیـرە شـۆڤێنییەی موسـڵمانانی عـەرەب، تـورك و فـارس، مـژدەی سـەرکەوتن و گەیشـتن بـە ئامـانجی لەمێژینـە و ئێسـتا و دواڕۆژی کـوردە. لـەو ڕوانگەیـەوە، هـەر ئـایین و ئیمـان و بـاوەڕ و ڕێبـازێکی ئـایینی و فەلسـەفی لـە هەسـت و ویـژدان و نکـوڵیکردن لـە حەقیقـەتی بـوونی کـورد ڕووتـی کردینـەوە، ئـەوە نـە دینەکـە، نـە باوەڕەکـە، نـە فەلسـەفەکە بایـەخییان نـامێنێ، ئەمـە دەبـێ بکرێتـە سەرمەشقی خـەباتی کـورد لـە بـەردەم هـەموو ئەوانـەدا کـە بـە نـاوی ئـایین و ڕێبـازی جـۆراو جـۆرەوە دەیانـەوێ کـورد فریـو بـدەن و لـە کوردبـوون دوورمـان بخەنـەوە. بۆیـە بـە بـاوەڕی ئێمـە ساردکردنەوەی ئـەو هەسـت و سـۆز و نـاخی کـوردەی کـە لـەو پـەڕی بەرزیدایـە، لـە پـاڵ ئـەنفال و هەڵەبجـە و خـاپوورکردنی هـەزاران گونـدی هـەموو بەشـەکانی کوردسـتان، دەتـوانرێ بکرێنـە ئـەو دەسـتمایەی کـە سـەردارانی

دڵسۆزی کورد، بتوانن مامەڵەی ڕزگاری و ئازادی بۆ تەواوی پارچەکانی کوردستان پێ بکەن.

لە گەلێك قۆناغی مێژووی کورد و لە گەلێك ڕووداوی گەورەدا، ئافرەتی کورد ئامادەیی هەبووە و نەبەردانە شان بە شانی پیاوانی کورد لە خەبات و بەرخوداندا بوون، بەڵام ئەوەی ئێستا کیژی کورد ئەنجامی دەدەن، یەکجار نیشانەیەکی بەرچاوڕوونی و مژدەی ئازادییە، ئازایەتی ئافرەتانی کورد لە مەیدانی نەبەردیدا، چاونەترسانە دژی دوژمنی تۆقێنەر دەجەنگن و بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن: ئێمە کوردین، ئێمە ڕاناکەین، ئێمە مافی ئازادیمان هەیە، حکومەتی سووریای شەڕفرۆش و تۆقێنەر، دەیانەوێ ئێمە لەناوبەرن، هێمای سەرکەوتن و گەیشتن بە سەرفرازی بەرز دەکەنەوە، بۆیە زوو یا درەنگ دەگەین بە ئاوات.

ئەو گۆڕ و تینەی لەناوەوەی کوردستان و جیهاندا خرۆشاون، بۆتە دروستبوونی پشتیوانی و هاوکاری خەڵك و ڕێکخستن و سیاسەتمەدارانی جیهان، نابێ و دروست نییە سارد بنەوە، پشتیوانییە نێو دەوڵەتییەکان هی ئەوەیە داوای مافی چارنووسی خۆمان بکەین، ئەمڕۆ هەر ڕۆژاڤا مەسەلە نییە، ئەمڕۆ هەموو کورد و هەموو کوردستان یەك دۆزە، ڕۆژاڤا، بەرەکەتێکە بەسەر هەموو کورد و کوردستان دا دای کردووە.

خاڵێکی بەرچاو لە چوونە پێشەوەی دۆزی کورد ئەوەیە کە کورد بتوانێ بەسەر ژمارەی دانیشتواندا زاڵ بێ. ڕاستە لە هەر هاوکێشەیەکدا بۆ سەربەخۆیی و ئازادی گرنگی بە سەرژمێر دەدرێ، بەڵام هێنانە دی ئامانج و بوونە دەوڵەت پەیوەندی بە سەرژمێرەوە نییە، وەختێك ئەو هەموو دەوڵەتانەی کە لە کەنداو و لە ئەوروپا هەن، بە سەرژمێر کورد لە هەموویان زۆرترە کەچی بێ دەوڵەتە. وەختێك لە ١٩١٢دا، ئەلبانیا لە دەوڵەتی عوسمانی جیابۆوە، سەرژمێریان کەمێك لە ٣٪ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو. ئەگەرچی ڕەنگە کورد لە ڕۆژاڤا نەتوانێ هەموو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بەدەستبێنن، بەڵام پێویستە بچووکی ناوچەی جوگرافیا و کەمی سەرژمێر بۆ مافەکان بکەنە لەمپەر، دیارە ئەمە پێویستە لە عەقڵی نەتەوەیی و نیشتمانی ئێمەدا بچەسپێ. هەر لەم بۆچوونەوە، هەرگیز ناکرێ کەرکووك و بەشە داگیرکراوەکانی باشوور بە سەرژمێر یەکلایی بکرێنەوە.

تێگەیشتن لە سیاسەت، بە کردەوە سەلماندویەتی کە سیاسەت بێبەرییە لە ئەخلاق، ڕەنگە بە دەگمەن ڕۆژێك لە ڕۆژان پێشەوایەك هەڵکەوتبێ کە پەیڕەوی لە ئەخلاق کردبێ، بەڵام سیاسەت و ئەخلاق پێکەوە کۆنابنەوە، ئەوە ئەگەر نکوڵی لێ بکرێ، هەڵەیەکی کوشندەیە. خوێندنەوەی مێژووی کورد، هەموو شایەدی بێئەخلاقی لە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان حاشا هەڵنەگرە، یەکێك لەو باجە قورسانەی کورد داوێتی ئەوە بووە کە ئاگاداری بەرنامەی بێئەخلاقی و بێبەڵێنی و نەبوونی هیچ بەهایەکی ئینسانی لەدی دوژمنان نەبووین، ئەخلاق لە بوونی سیاسەتی ناوخۆدایە نەك مامەڵەی ئەخلاقی لەگەڵ بێ ئەخلاقاندا.

لە دۆزی نەتەوە و سیاسەتکردن بۆ سەربەخۆیی، کات ئامرازێکی یەکجار یەکلاکەرەوەیە، ئەو کاتەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەدی تورك و عەرەب لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای جەنگەکە بۆ سەربەخۆیی کاریان دەکرد، کورد سەرکردایەتی و بەرنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕێکخستن و بزووتنەوەی لەو جۆرەی نەبوو، نەبوونی ئەوە، بووە زەفەربردن و دابەشکردنی کوردستان لە نێوان هێزدارەکانی تورك و عەرەبدا. لە هەموو لایەکی کوردستان دا، پێویستە لایەنەکان بە ئاگادارییەوە تەماشای گرنگی کات و سەردەمەکە بکەن.